

برایم چێوار

# شانۆ ناتوانێت لەناو کۆمەڵگایەکی فاسددا بژی

دیداری دێرین کاردۆیی

**● مامۆستا برایم چێوار وەك یەکێك لە دیارترین ئەو کەسانەی کە لە بواری هونەری شانۆدا سەرقاڵی کارە هەموومان پێی ئاشناین، ئەو وەك ئەکتەرێك لەسەر تەختەی شانۆ ئەستەمە جارێك ببینین و پێی سەرسام نەبین ، ئەو لە بواری نواندندا خاوەن ئەزمونێکی قوڵ و زۆرە ، لەم چاوپێکەوتنەدا چێوار باس لە گرفتی بوونی شانۆدا دەکات لەنێو کۆمەڵگادا و ئەو شتانەی دەبنە هۆی لەباربردنی شانۆیەکی جددی .**

**لڤین: ئەمڕۆ لەلایەن شانۆکارانەوە باس لە قەیرانی شانۆ دەکرێت، باس لەنەبوونی هۆڵی نمایش و دەقی شانۆیی و بینەر دەکرێت پێتوانییە شانۆکاران خۆیان هۆی دروستکردنی ئەم قەیرانەن؟**

چێوار : لێرە هەموو کایەکانی ژیان تێکچووە، یانی ژیان لەکێشەیەکی گەورەدایە، ئەمانەش هەموی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە حیزبەکان ژیانیان ناشرینکردوە، ناکرێت شانۆ لەناو وڵاتێکدا کە هەموو شتێکی تێکچووبێت تووشی گرفت نەبووبێت، من شانۆ لەکۆمەڵگا ناهێنمەدەر چونکە هونەر بەشێکە لە ژیانی هەمو میللەتێك، بۆ نموونە تۆ کێشەت هەیە لەبواری داراییدا، ئەوەی پەیدایدەکەیت ناتوانی پێی بژی، ئەمە کێشەیەکی زۆرزۆر گرنگە. لەم وڵاتەدا پلاندانان نییە ئەوەی سەیری هونەردەکات ئێستا هەروەکو زەمانی بەعس سەیریدەکات، ئەو کولتورە تا ئێستا ئامادەیی هەیە، بەبڕوای من ئێستا ئەگەر کێشەی شانۆ هەبێت لەناو ئەم کۆمەڵگایەدایە، لەناو ئەم زەلکاوەدایەو ئەوانەشی خۆیان بەشانۆکار دەزانن ئەوانیش بەشێکن لەگرفتەکەو کێشەکەشیان تێنەگەیشتنیانە لە شانۆ، ئەمانە موراجەعەکردنیان بۆئیشەکانی خۆیان نییەو ئیشی خەڵکی تر دووبارەدەکەنەوە، لەبەرئەوەی نازانن داهێنان چییە، لەم لایەنەشەوە دەتوانین کەشفی ئەوە بکەین کە ئەمانە خۆیان هیچ خەمێکیان بۆئەم کارە نییە، تەنها ئەوەندەی ئیشێك بکەن و بودجەیەکی بۆ وەرگرن، ناوێك و پۆستەرێك و دوو هەزار کەس سێ هەزار کەس ئەگەر بینییان بەلایانەوە موهیم نەبێت، چ کاریگەرییەك بەجێدەهێڵیت تۆ ئەگەر ئیشەکەت کاریگەری نەبێت کەواتە چیتکردوە ، یان ئەوەیە لە چەند رۆژنامەیەك چاوپێکەوتنت لەگەڵدا بکرێت و خەڵك بڵێت وەڵڵائیشەکەی جوان بوو، ئەم تێگەیشتن و تێڕوانینە بۆ شانۆ تێگەیشتنێکی زۆر زۆر دواکەتووانو و ناشرین و جەحێلانەیە ، لە وڵاتانی تر کە (رێبەر تواریێك) پێشکەشدەکەیت بۆ وەرگرتنی بودجەیەك لێتدەپرسن ( تۆبۆچی ئەم شانۆیە دەکەیت؟ ئەم دەقە بۆچی؟ بۆچی لەم کاتەدا؟) ئەبێت تۆ وەڵامی ئەمانەت هەموو پێبێت ئینجا دەهێڵن ئیشبکەیت، ئینجا لەبەرنامەی ئەو وڵاتەدا داتدەنێن. بەڵام لێرە کەس هەیە ئیشدەکات خۆشی نازانێت بۆ؟ ئەسڵەن مەبەستی ئەو ئەوەیە ئیشێك دەکات یان بیباتە دەرەوە بۆئێران یان بۆ هەر شوێنێك یا پارەیەك پەیدابکات، چونکە کێشەیەکی مادی هەیە.

**لڤین: کەواتە تۆ پێتوایە شانۆ پێبەپێی کۆمەڵگا دەڕوات، کاتێک کۆمەڵگایەک کێشەیەکی هەیە شانۆش هەمان کێشەی هەیە، کەواتە لە مرۆماندا دەبێت گوتاری شانۆ چی بێت و لەناو ئەو هەموو گەندەڵییەی کە باست کرد شانۆ رۆڵی چییە؟**

چێوار: کاتێك من دەڵێم شانۆ لەناو کۆمەڵگایەکی فاسددا دەژی لەڕاستییدا گەر بتەوێت لەکۆمەڵگەیەکی ئاوادا شانۆ باشبێت باش نابێت، زۆر زۆر ئاشکرایە شانۆ لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا تۆ چی دەکەیت، ئاشکرایە رۆڵت بەرامبەر بە دنیایەك کە دنیایەکی فاسدو ناعادل و ناشرینە چییە، من رۆڵی خۆم بەجۆرێك دیاریدەکەم و تۆش بەجۆرێکی تر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە من ناتوانم رێ بۆ تۆ دابنێم و بڵێم ئا بەمشێوەیە سەیری دونیابکە، لەشانۆدا ئاوایە من لەئیشێکدا دنیا بەجۆرێك دەبینم و لەئیشێکی ترمدا بە جۆرێکی تر دەیبینم.

**لڤین: ئەمڕۆ باس لەنوێگەری دەکرێت، ئایا نوێگەری دەبێتە هۆیەک بۆ سڕینەوەی رەسەنایەتی؟**

چێوار: تۆ کاتیك دەڵێیت نوێ، واتە شتێك دەبێت هەبێت کۆن بێت، کەواتە دەبێت بزانین ئەو کۆنەی هەیە چییە، هەتاوەکو نوێیەك بدۆزینەوە، یانی ئەو کلتوری شانۆیەی ئێمە چییە کە ئێمە ئێستا هەمانە هەتاوەکو زۆر زۆرنوێ بێت لەچاو ئەوەی تردا کە کۆنەو ئەمەش پرسیارێکە بۆخۆی؟ نوێگەری بەتەنها لە فۆرمدا نییە، لەتەرحکردنی فیکری تازەشدایە، ناکرێت تۆ شکڵێکی نوێ لەناو کولتورێکی کۆندا دابنێیت یان لەناو فیکرێکی کۆندا، شتی وانییە، ئەمە ئاشکراکردنی فیکری تازەیە کە شێوازی نوێ بۆ خۆی دروستدەکات.. دڵنیابە هەمو دنیابینییەکی نوێ شێوازێکی نوێش بۆ خۆی دروستدەکات، بەهەمانشێوە نوێ خۆی بۆخۆی جیهانبینیشە. سەبارەت بەرەسەنایەتیش ئەوەی ئیش لەو بیئەیەی خۆیدا دەکات دەبێت رەگی لەویوەبێت یانی ناکرێت بڵێم من ( هاملێت) دەهێنم وەکو (هاملێتی شکسپیر) لێرە ئیشی تیا بکەم، ئەگەر رەگێکی ئێرەیی تیانەبێت ناتوانم ئەو کارەبکەم، ئەوەش جۆرە تێگەیشتنێکە بۆ دەقی شانۆیی، ئەگەر لەرەسەنایەتی مەبەستت شوناسە، حەتمەن دەبێت ئەو شتەی کە تۆ دەیکەیت تایبەت بێت بەخۆت و نابێت گواستنەوەی ئەزموونێك بێت، بۆنموونە من کارێکم بینیوە لە فەرەنساو بێم بیگوازمەوە بۆ ئێرە و لێرە ئەو ئەزموونە دووبارە بکەمەوە ئەمە هیچ رەسەنایەتییەکی تێدانییە، رەسەنایەتی لەوەدایە ئەو کارەی کە تۆ کردوتە لێرە موڵکی خۆتە.

**لڤین: هونەر و شانۆش خاوەن پانتاییەکی کراوەن و لەنێوجیهاندا کاردەکەن ، بەڵام واهەستدەکەم تۆ دەتەوێت بڵێیت دەبێت هونەر و شانۆ ناسنامەیەکی تایبەتییان هەبێت؟**

چێوار: سەیرکە بابەتێك هەیە تایبەتمەندییەکی ئێرەی تێدایە، بۆ نمونە ئەنفال بابەتێکە تایبەتە بە ئێرە، هەوێنی ئێرەیە، بەڵام هاوشانی هۆلۆکۆستە، کوشتنی (زاباتیستەکان) لە مکیسك هاوشێوەی ئێرەیە، بەڵام ئەو خسوسێتەی ئێرەی نییە، لەناوبردنی(ئەرمەنەکان) لەتورکیا هاوشێوەی ئەنفالە بەڵام فۆرمی ئەنفالی نییە، بەڵام کاتێك من لەئیشێکدا ئەنفال بەکاردەهێنم دەبێت تایبەتمەندیی خۆشی تێدابێت، ئەنفال هی هەموو کوردە، ئەگەر هەموو هونەرمەندێك یەك تێڕوانینی هەبوو بۆ ئەنفال، کەواتە هەموویان یەك کاریان کردوەو هیچ کەشفێکیان نەکردووە.

**لڤین: هەندێک پێیانوایە، لەبەرئەوەی ئێمە هێشتا خاوەن کۆمەڵگایەکی ( سوننەتین) نەگەیشتوینەتە حاڵەتی کرانەوەو مۆدێرنە، لەبەرئەوە ناتوانین پەنابەرینەبەر ئەو شێوە ئیشکردنە کە ئەمڕۆ بۆنمونە ئێوەکاری پێدەکەن، تۆ پێتوایە پێویستە هونەرمەند پێ بەپێی کۆمەڵگاکەی بڕوات یان لەسەروو ئەوانەوە بێت؟**

چێوار: لەهیچ کاتێکدا هونەر لەئاستی واقیعدا نەبووە، نەك واقیعی نەبووە، یانی ئەگەر هونەر سنوورێکی بۆ دیاریبکرێت کە ( تەسامی) ئینسانە، واقیع قەت تەسامی ئینسان نەبووە، کەواتە هونەر جیاوازە لە واقیع بەشێوەیەك لە شێوەکان، لەم وڵاتەدا دەستوور پابەندە بەدینەوە نازانن سنوری هاوڵاتییەك و دەستەڵات لە کوێدایە، ئەمە واتە کۆمەڵگایەکی نامەدەنی.

تۆ شانۆ لەسەردەمێکدا پێشکەشدەکەیت کە تیایدا دەژی، ناکرێت تۆ شانۆیەك بکەیت کۆمەڵگەکەت لێیتێنەگات، ناکرێت من لەسەدەی بیستویەکدام و شانۆیەك بکەم خەڵك لێیتێنەگات، بەڵام لەسەدەی بیستودوودا خەڵك تێبگات، چونکە لەم کاتەدا من نەماوم، ئەگەر لەسەر ڤیدیۆش بێت خەڵك گرنگی پێنادات، ئەمە شیعرێك نییە (مەحوی) لە سەدەی نۆزدەدا نووسیویەتیو لەسەدەی بیستدا خوێندنەوەیەکی تری بۆ بکرێت، شانۆ خسوسییەتێکی جیاوازی هەیەو جیاوازە لەشیعر، شانۆ هونەرێکی ئێستاییە، ئەزانی بۆچی؟ چونکە بۆ نموونە لەسەدەی بیستدا کێشەی فەلەستین نەماوەو چارەسەرکراوە، ئایا بەهای ئەو شانۆیە لەسەدەی بیستودوودا چییە کە باسی فەلەستین دەکات.

**لڤین: شەرت نییە پرسیارەکە لەو ئاستەدا بێت، رەنگە تۆ نمایشێک بکەیت هەڵگری چەند پرسیارێکی ئەزەلی بێت وەک (ژیان و مردن و خۆشەویستی) ئەوانەش هەمیشە دەژین؟**

چێوار: ئەوانە پرسیاری ئەبەدین لەبونی مرۆڤەوە هەیە ناکرێت خۆت لێیانلادەیت.

**لڤین: هەندێک پێیانوایە دەبێت لەم ئاستەدا کاربکەیت،و نابێت دابەزیتە سەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی رۆژانە؟**

چێوار: هەندێك دەڵێن چەند بابەتێك هەیە کە ئینسان دەبێت باسیان بکات، بۆنمونە (جنس ، مردن، بوون) بەڵام ئەمانە مەوداکەیان دیاریکراوە، ئایا مردن ئەوەیە کە لاشەیەك وندەبێت دەبێت، خۆ مردن یەك رووی نییە، یان ئەگەر مەبەستی ئەوەیە کە ئێمە نەچینە ناو ژیانی رۆژانەمانەوە، لەم رێگەیەوە باسی ئەو شتانە نەکەیت، ئەوا ئەو کەسانە زۆر زۆر بەهەڵەداچوون، بۆنمونە(چیخۆف) ئەو تێکستە جوانانە کەنووسیونی کەکەس نییە لە دنیادا رۆژێك لەرۆژان نووسیبێتنی کە (چیخۆف) نووسەرێکی شانۆیی باشیش نییە، هەموو روداوی شانۆییەکانی چیخۆف لەسەر زاری خۆی و لەسەر زاری کەسایەتییەکانیشییەوە هەمووی شتی رۆژانەییەکانی ئینسانە، لەسەر چا خواردنێکی عەسرانە، خانوویەکی کۆن بەجێدەهێڵن، یەکێك کەسێکی خۆشدەوێت و ئەویش ئاگای لێنییە، ئەمانە هەموویان شتی رۆژانەن، (چیخۆف) خۆی دەڵێت" زۆربەی شانۆکانم لەچاخواردنی عەسران و شتی لەوبابەتدا دەرمهێناون " بەڵام ئەم شتانە چەند قوڵن لەلای چیخۆڤ ئەوە موهیمە، روداوەکان لەلای چیخۆڤ زۆرزۆر سادەن و کەسی گەورەیان تێدانییە، بەڵام لەلای شکسپیر بەپێچەوانەوەیە روداوەکان زۆر زۆر گەورەن، پانتایی روداوەکان زۆرزۆر گەورە دەبێت و لەوڵاتێکەوە دەچێت بۆ وڵاتێکتی ترو زەمەنێکی زۆر گەورەش داگیردەکات، بەڵام لەلای چیخۆف هەموو چیرۆکەکە دانیشتنی دووسێ کاتژمێرەو لەشوێنێکدا یان لەماڵێکدا یاخودلە ژورێکدایە.